شیاو نییە بۆ مسوڵمانێک کە شتێک هەبێت وەسیەت سەبارەتی بکات؛ وسێ شەو بەسەریدا تێپەڕ بێت بەبێ ئەوەی وەسیەتەکەی سەبارەتی نووسی بێت

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «شیاو نییە بۆ مسوڵمانێک کە شتێک هەبێت وەسیەت سەبارەتی بکات؛ وسێ شەو بەسەریدا تێپەڕ بێت بەبێ ئەوەی وەسیەتەکەی سەبارەتی نووسی بێت». عبد اللەی کوڕی عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «هیچ شەوێکم بەسەردا تێپەڕ نەبووە پاش ئەوەی گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو ئەوەی فەرموو؛ ئیلا وەسیەتە نووسراوەکەم لە لام بووە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە نابێت مسوڵمان شتێکی هەبێت کە وەسیەت سەبارەتی بکات وەکو مافەکان وسامانەکان ئەگەرچیش کەم بێت؛ وسێ شەو بەسەریدا تێپەڕ بێت بەبێ ئەوەی وەسیەتەکەی سەبارەتی نووسی بێت. عبد اللەی کوڕی عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: هیچ شەوێکم بەسەردا تێپەڕ نەبووە لەو کاتەوەی کە گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو ئەوەی فەرموو؛ ئیلا وەسیەتە نووسراوەکەم لە لام بووە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5831